# کراسەکانی بووک لە مۆدە و ستایلە تازەکان





تەنانەت بەرەو وەرزی سەرما ڕێگەمان گـــرت، کەچی مۆدەکانـــی جلوبەرگە هاوینییـــەکان وەك مۆدەیەکی تایبەت دەپۆشـــرێن، بـــە تایبـــەت بەدڵلەکانی بووك، بوونی شێوەی جلی بووك لەسەر ســـتایلێکی هاوینە مانـــای ئەوە نییە لە مـــۆدەی هاوینەدایـــە، ئەمەش لە ڕێگەی کراوەیی و نەبوونی قۆڵ و سەر سینگەکان دەبێت. ئەمەش بۆ ئامانجێك بـــۆ زیاتـــر گونجاندن نێوان پێیســـتی خانمانی بووك و جلوبەرگەکەیە.

زیاتر لە جلی خانمانی بووك گرنگی بە خوارەوە دەدرێـــت، ئەمەش بۆ زیاتر سەرەنجراکێشـــانی بەشـــی خوارەوەی کراسەکە دەبێت، بۆیە هەرچی نەخش و پەڕپـــەڕی تایبـــەت لە بەشـــی خوارەوەی بەدڵلەکانی بووك دادەنرێن، بۆیـــە دەبێتە مۆدەیەکـــی تایبەت و جوان بۆ کراسی بووك.

## جوانی دیکۆرەکان پابەندە بە ڕەنگەکان







دیکۆرەکان هەر یەکە پابەندە بە جوانی ئەوش شێوازەی لەسەری ئامادە دەکرێت، لەگەڵ ئـــەوەی نەخشـــێکی تایبەتی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گشت لایەنەکانی دیکـــۆرەکان بە جوانییەکی تایبەت و کراوە دەربکەوێت، لە دیکۆری ماڵەکان چەندەها لایەنی گرنگ هەن، لەوانە : ڕەنگەکانی دیکۆر – شـــێوەی دیکۆر – ڕێکخســـتنی کەرەستەکانی دیکۆرەکان.

لێرەدا باس لە چەند ڕەنگێك دەکەین، دەکرێـــت جوانترین ڕەنـــگ و دیکۆری لێوە ئامادەبکرێـــت، ئەویش ڕەنگەکانی (وەنەوشەیی – شین – قاوەیی کراوە)، بە ڕێکخســـتی هەنگاوەکان بۆ ئەوەی هەر لایەنێك لە کەرەستەکان و ڕەنگەکان لە نزیك یەکتر بێت و جوانییەکی تەواو بە دیکۆر ببەخشێت، بە مەرجێك گشت ڕەنگەکان دیار بکەوێت.

## مـــۆدە تـــازەکـــان





چەندەها مۆدەی تایبەت بە ئێکسسوارە گرنگەکان هـــەن، هەریەکەیـــان جێگەی جوانی و شـــێوازێکی ناسکە کاتێك لەلایەن خانمان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەبێتە کەرەســـتەیەکی تایبەت و جوان بۆ ئەوەی زیاتـــر خانمان ڕازاوەتر بـــکات. یەکێك لەو ئێکســـوارانە بریتییە لە جەنتای دەستی خانمان.

وەك مۆدەکانی پێشوو، چەندەها شێوەی



# کۆلۆنەکان بۆ زیاتر جوانکاری خانمان

یەکێك لەو بەرگە سەرەنجراکێشانەی بواری جلوبەرگ بریتییە لە کۆلۆن یان سترێجە ناسکەکان، وەك پۆشاکێکی نا سەرەکی دەتوانرێت ببێتە مۆدێیەکی تایبەت و جوان بۆ خانمان، تەنانەت لە ڕێگەی پۆشینی بە تەنیا یان لەگەڵ جلی دیکە وەك تەنوورە بپۆشرێت.

کاتێك کۆلۆن لە ڕەنگێکی تۆخ دەبێت وەك ڕەنگی : ڕەش – سپی – سوور، بەم ڕەنگانەش دیمەنێکی سەرەنجراکێش وەردەگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ جلی دیکە یان قاچی خانمان بگونجێت، تەنانەت بە هەنگاوێك دەکرێت گونجاندن دروست بکەین نێوان کۆلۆن و پێڵاوەکان بە تایبەت کاتێك لەگەڵ پووت و پێڵاوی گەورە دەپۆشرێن.

# ماکیاژەکان ڕێگەیەکە بۆ زیاتر ڕازانەوەی خانمان



ماکیاژ دەبێ بە زیرەکانە ترین ڕێگا ئەنجام بدرێت، ئەگینا دەبێتە هۆکارێك بۆ ناشیاوی نێوان ماکیاژ و ڕووخسار لەوەی جوانییەکی ناشایستە نیشان بدات. لێرەدا کاتێك خانمان ماکیاژ دەکەن بۆ ڕووخساریان، دەبێ ئاگاداری شێوازی دانانی ڕەنگەکان بن، هەندێك جار ڕەنگەکان دەبنە هۆی سەرکەوتن و جوانی ماکیاژەکە، وەك ئەوەی ڕەنگی لێو، و پشت چاوەکان هەمان ڕەنگ یان ڕەنگەکانیان لە نزیك یەکتر بن.

وەك ئەو چەند مۆدێیە لە ڕەنگەکانی ماکیاژەکان بە جوانترین ڕێگە دانراوە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕەنگی ئەساس لە گشت لایەنەکانی ڕووخسار دەدرێت، دواتر دوو ڕەنگی هاوشێوە وەك ڕەنگی پەمەیی یان وەنەوشەیی کراوە لە لێو و پشت چاوەکان دەدرێت. بەم ڕێگەیە دەتوانین سوود لە جوانی ڕەنگەکان وەربگرین بۆ ماکیاژەکانی ڕووخساری خانمان.

## ـی جەنتای دەست



تایبەت هەن، کەچی لەم مۆدێیەدا شێوازێکی تازە و جوان پەیڕەو دەکرێت و دەتوانرێت سوودی لێوە وەربگرێ. ئەو شێوە جوانانە بۆ جانتاکان جێگەی جوانی و سەرەنجراکێش بوون وەردەگرێ، بۆیە کاتێك لە دەستی خانمان دەبێ، لە ڕێگەی جوانی کەرەستەکان ئەمەش کاتێك لەسەری شێوەی گیانداران و میوە و سەوزە دروست کراوە، بۆیە دیمەنێکی ناسك دەبەخشێت.



ڕەنگاوڕەنگ
گوڵان
ژمارە (٧٥٨)
٢٠٠٩/١١/٢٣




# مۆبایل یان شووشەی پەنجەرە !

جیهانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا توانیویانە پێشکەوتنێکی گەورە ببینن لە بواری دروست کردنی کەرەستە سەیر و جوانەکان، بە تایبەت ئەوانەی لەژێر دەستی خەڵکە و بە جۆرێك دەبێتە کەرەستەیەکی تایبەت و سەرنجراکێش بۆ گشت کەسێك. لەگەڵ ئەوەی مۆبایل وەك ئامێرێکی سەیر دادەنرێت لەو کارانەی ئەنجامی دەدات، کەچی ئەگەر ئەو جۆرە مۆبایلە ببینن زیاتر سەرسوڕمانی دەتانگرێت.
ئەو ئامێرە لەلایەن کۆمپانیای (ئەپڵ)ی ئەمەریکی دروست کراوە، شێوەیەکی ئاوی هەیە، ئەگەر سەیری مۆبایلەکە بکەیت، ئەودیوی ئامێرە بە جوانی دەبینی، کەرەستەکانی لە ماددەیەك دروست کراوە وەك شووشە وایە، دەکرێت ناوەوە و دەرەوەی ئامێرەکە بە جوانی ببینی !

# باڵەخانە لە شێوەی کتێب و تاکە پێڵاو

باڵەخانە و کارە ئەندازەییەکان بە چەندەها شێوەی سەیر و تایبەت دروست دەکرێن، تەنانەت دەبێتە ڕێگەیەك بۆ جوانی و سەرسوڕمان، بە جۆرێك جێگەی شیاوی گشت لایەنێك بێ، وەك چەند کارێکی تایبەت لە بواری دروست کردنی شێوە سەیرەکانی باڵەخانەکان، بەم دواییە لە دوو وڵاتدا توانراوە دوو جۆرە باڵەخانەی سەیر دروست بکەن.
ئەوەی یەکەم بریتییە لەباڵەخانەیەك لە شێوەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکان، ئەمەش لە وڵاتی بەریتانیا دروست کراوە، لە دەرەوە وەك کتێب دەردەکەوێت، کەچی لە ناوەوەش باڵەخانەی کتێبخانەیەکە.




ئەوەی دووەمیش بریتییە لە خانووێك لە شێوەی تاکە پێڵاوێك دروست کراوە، وەك ئەوەی تاکە پێڵاوێك بێت لە دوورەوە دەردەکەوێت، کەچی ئەگەر لە نزیکەوە سەیری بکەیت، خانووێکی تەواوە.






# لاوازترین (٣) کچ لە جیهان



چەند مەرجێك هەن بۆ ئەوانەی دەبن بە کەسانی نمایشکاری جلوبەرگ، ئەم مەرجانە بریتییە لە : دەبێ کەسایەتی نمایشکار، جەستەیەکی لاواز و باڵایەکی بەرزی هەبێ، لەگەڵ جوانی رەنگی پێست و رووخساریش گرنگە، کەچی وادیارە ئەو (٣) کچە زۆر جیاوازترن لە کەسایەتییەکانی نمایشکار، ئەمەش بەهۆی لاوازی جەستەیان دەکرێت وەك مرۆڤە برسی و رووتەکان دابنرێن.

کێشی هەر یەك لەم کچانە ناگات بە (٤٠) کیلۆگرام، ئەوەی سەیر بێ دەبێ چۆن ژیان بەسەر ببەن، تەنانەت خواردنێکی کەمیش دەخۆن ئەمەش چونکە جەستەیان ئەوەندە سوود لە خواردن نابینێت بۆیە ئەوەندە لاوازن !





# سەیری بچووکترین کەمان بکە



ئامێری کەمان لە میوزیکدا، وەك ئامێرێکی بەچێژ و دەنگێکی ناسك دادەنرێ، سوودێکی گەورە دەبینێت لە بواری میوزیك لە جیهان، تەنانەت لە گشت ستایلێکی میوزیکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەدی دەکرێت، هەر بەم گرنگییەی ئامێری کەمان، توانرا بچووکترین ئامێری کەمان دروست بکرێ و بۆ ئەوەی ببێتە کەرەستەیەکی مۆزەخانەکان و بە ئامێرێکی ژمارە پێوانەییەکان دابنرێ.

ئەم کەمانە بچووکە درێژییەکەی کەمترە لە (٢) سەنتیمەتر، ئەوەی سەیر بێت وەك کەمانی ئاسایی دەنگی هەیە، ئەگەر کەسێك بتوانێت بیژەنێت، وەك کەمان دەنگی دەبێ تەنیا رێژەی دەنگەکەی کەمترە لە کەمانی ئاسایی. ئەم کەمانە لە وڵاتی کەنەدا دروست کراوە و ئێستاش لە مۆزەخانە دانراوە وەك کەرەستەیەکی جوان.



# هاوشێوەکان لە کێ دەچن














لە جیهاندا چەندەها هاوشێوەن هەن، تەنانەت شتێك هەیە دەڵێن: هەر مرۆڤێك (٤٠) کەس لە هاشێوەی خۆی هەیە، یان دەڵێن : هەر مرۆڤێك (٧) کەس وەك خۆی هەیە. بۆیە لە هەندێك جار کەسانێك دەبینین شێوەیان دەچێتە سەر شێوەی کەسانی دیکە و لێمان تێکەڵ دەبن.

لەم چەند وێنەیەدا دەکرێ وێنەی چەند کەسایەتی بەناوبانگی جیهانی نیشان بدەین، لەگەڵ ئەو هاوشێوانەی هەیانە، دەکرێت شێوەکان زۆر لە یەکتر نزیکتر دەربکەون، بە رێژەیەك ئەگەر کاری تایبەتیان بۆ بکرێ، کەس نەزانێت ئەو کەسە خۆیەتی یان هاوشێوەکەیەتی، هاوشێوەکان بریتین لە : رۆناڵدینۆ و کچێکی خەڵکی باشووری ئەفریقیا – مستەر بین و کورە گەنجێکی سعودی – تامر حوسنی و کورێکی سوری – ئەلیسا و کچە ئەکتەرێکی مەغریبی !








# ئافرەتێک هەموو ژیانی بۆتە مار



لــە کاتێکدا پیاوان زیاتــر مامەڵەی گیانــداران دەکــەن، ئەمەش بەهۆی بوونــی ئەو ترســەی لە جەســتەی ئافرەتــان هەیە و ڕێــژەی کەمترە لە جەستەی پیاوان. ئەمەش وەك مامەڵە کردنی پیاوان لە زانستەکانی گیاندارە ترســناکەکان وەك (مــار)، بێگومان ئافرەتان زیاتر دەترســن لــە مار لە بەرامبەر پیاوان.

کەچی ئەو ئافرەتە پێچەوانەی گشت ئافرەتێکە، هەمــوو ژیانی بۆتە مار، لەگەڵیانــدا دەژییــت لە ماڵ و کاتی کارکردن و گشــت جۆرە کاتەکان. ئەلیســا کۆدۆر، ئەو خانمەیە لە وڵاتی ئوســتراڵیا ژیان بەســەر دەبات، هەردەم لە دوو یان سێ ماری لەسەر مــڵ و لە ناو دەســتیەتی، وەك خۆشەویســتییەك بۆ ئەو گیانــدارە و ڕۆژانەی ژیانی لەگەڵ مار بەسەر دەبات.


# هەولێر و پەکین یەکسانن





دیاردەیەکی سەیر لەنێو گشت شەقامەکانی کوردســتان هەیە، ئەویش جڵجاڵۆکە لەسەر ستوون و شوێنەکانی گەیاندنی کارەبا، نەوەك جاڵجاڵۆکەی ڕاستەقینە، مەبەستمان بەهۆی زۆری ئەو وایرانەی کارەبا دەبێتە ئاڵۆزی و تۆڕێکی جاڵجاڵۆکە دروست دەکات. ئەوەی ســەیر بێت، ئەو دیاردەیە هەر لەلای ئێمە نییە، بەڵکو لە وڵاتی چین هەمان دەردیان هەیە، لە کاتێکدا وڵاتی چین بە چەندەها ساڵ لە وڵاتی ئێمە پێشکەوتووترە لە بواری کارەبا و پێشەسازییەکانی ئەلیکتریك. ئەمە دیمەنێکــی ڕاســتەقینەیە و لە پایتەختی چین وەرگیراوە. ئەوەی ســەیر بێت نازانین ئەو وایرانە کارەبای چییە ! دەبێ لە وڵاتی چینیش مۆلیدە و کارەبای ئەهلی هەبێ !





هەندێك لــە مۆدەکانی جلوبەرگ بە جۆرێك دەبێتە جێگەی سەرسوڕمان، بــە جۆرێك لە بەشــێکی کاوبۆی و جینزەکان، لە خــوارەوە یان لایەنێکی جینزەکــە دەدڕێنن بۆ ئــەوەی ببێتە

# ئەلبومی جووڵە سەیرەکان









کاتێك مرۆڤە خاوەن بەهرەکان دەتوانن جوڵە سەیرەکان ئەنجام بدەن، دەبێتە هۆی کارێکی سەیر، تەنانەت ئەگەر هەر کەسێکی دیکە سەیری جووڵەکان بکەن، تەزووێك بە گشت جەستەییان دادێت، وەك لە وێنەکاندا دەبینن چەندەها جووڵەی سەیر ئەنجام دەدات، بە جۆرێك دەتوانێت لەسەر تەلێکی بارێك لە نێوان دوو چیای بەرز بپەڕێتەوە.
ئەمە جووڵە سەیرانە وای کرد، (مارسۆن) ئەو پیاوەیە لە چەندەها نمایشی تایبەت کارەکانی نیشان بدات و، ئەوەی سەیر بێت گشت نمایشەکانی لە ماوەی (٢) مانگدا ئەنجام داوە و بەمەش توانی گەورەترین ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکات لە جووڵە سەیرەکان.







# مۆدەی کاوبۆیە سەیرەکان

مۆدەیەکـــی تایبەت و جیاواز لەگەڵ هەر جینزێکی دیکە.
رەنگە بڵێن چۆن ئـــەو کارە دەکرێت، لـــە کاتی درووێن یان بـــە رێگەیەکی تایبـــەت، بۆیە ئـــەو هەنگاوەتان بۆ روون دەکەینـــەوە، کاوبۆیەکە دەهێنن و شتێکی دەخەنە ناو خوارەوەکان، دواتر بە چەقـــۆ یان یان کەتەرێکی تایبەت شـــوێنێك دەدڕن و پارچـــەی دەکەن، دواتریش ئامادە دەبێت بۆ پۆشین.

# ئەوە جەستەیە یان تاسە !







وەك دەزانین ئەوانەی یاری وەرزشـــی لەشجوانی ئەنجـــام دەدەن، هەوڵدەدەن جەســـتەیەکی جوان و سەرەنجراکێشـــیان هەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەی وەك کەسێکی ســـەرەنجراکێش و وەرزشکار بن، ئەمەش لـــە دوای ئەو هەوڵدانەی لە بـــواری هەڵگرتنی کەرەستە و ئاسنین بۆ ئەوەی جەستەیەکی جوانیان هەبێت و بە لەشجوان بناسرێن.
کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو جەستانە بکەین، نە لە شێوەی جەستە دەچێ، نە لە شێوەی لەشجوانیش، بە جۆرێك وەك تاســـەی ســـەر شـــەقامەکان بۆ ئوتۆمبێلـــەکان دەردەکەوێت، هـــەر لایەنێکی وەك بلۆکێـــك دەردەکەوێت، بەمەش دەبێتە ســـەیرترین ماسوولکە و جەستە !






## ئەوە پایسکلە یان بارهەڵگر

ئەگەر بە جوانی سەیری ئەو پایسکل و ئەو کۆمەڵە کەرەستەیە بکەین، وا هەست دەکەین ئەوە پایسکل نەبێت و ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر بێ، نەبوونی ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بۆ کەرەستەکان وا دەکات ئەو پیاوە، ئەو کۆمەڵە کەرەستەیە لەسەر پایسکلێکی بچووکدا دابنێت و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بیگوازێتەوە.

## یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.

و ت ی ە ب ر

ئاسانکاری: پایتەختی وڵاتێکە!


وەڵامی پێشوو: (مێرسیدس) بوو

## نوکتە

☺ - جارێکیان باوك و کوڕێك سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، لەم کاتە یاری تۆپی دەبێت و باوکەکەش حەزی لە یاری نابێت و بە کوڕەکە دەڵێت : بیگۆڕە ئەوە چییە ئەو یارییە ؟!

کوڕەکەش دەڵێت : باوکە (١٠) خولەکی ماوە تەواو بێت..

باوکەکەش دەڵێت : کوڕم چۆن دەزانی ئەوەندەی ماوە خۆ لەوێ دانەنیشتووی !



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پێویستیت بە کەمێك پشوودان هەیە بەتایبەتی کاتێك هەفتەی ڕابردوو زۆر کاری گرنگ و قورست ئەنجامدا، پشوویەك وەربگرە و ڕوو لەشوێنێکی ئارام بکە.لەوانەیە گرفتی داراییت کۆتایی پێ بێت کە ماوەیەکە بەردەوامە ئەویش بەوەرگرتنی بڕێك پارە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بە وریایی هەڵسوکەوت بکە و ڕێگا مەدە هەست و سۆزت کار لەتەواوی ژیانت بکەن و شتی ترت لەبیر بچێتەوە، هاوڕێیەکت پێویستی بە یارمەتی تۆ هەیە و تا پێت دەکرێت هاوکاری بکە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

زۆر خەون و هیوات هەن کە بەردەوام بیریان لێدەکەیتەوە بەڵام تائێستا نەهاتوونەتە دی، ئێستا لە زۆربەی بوارەکاندا بەخت هاوڕێتە و خەونەکانت زۆر نزیکن لەوەی ببن بە ڕاستی، سوود لەم کاتە گرنگەی ئێستات وەربگرە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هیچ شتێك ناتوانێ ڕێگا لە ئاواتەکانت بگرێت لەم هەفتەیەدا، تۆ خاوەنی توانایەکی زۆری و دەتەوێ بەکاری بهێنی بۆ هێنانەدی خەونەکانت، بەڵام پێویستە زۆر بە باشی بیر لە چۆنیەتی ئەنجامدانی بکەیتەوە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

لەو گرفتانە ڕزگارت دەبێت کە هاتبوونە سەر ڕێگای کارەکەت، خۆت لەبەردەم چەندین ڕێگاچارەی گونجاو دەبینیتەوە، کەمێك دیبلۆماسی بە لەقسەکردنت دا و خۆت لە تووڕەبوون دووربخەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەموو شتێك لای تۆ ئاسان بووە و حەز ناکەی هەندێك بیر بکەیتەوە بۆ کۆتایی هێنانی گرفتەکانت، پێویستیت بە کەمێك کات هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانت بگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆی .

ئا/ هێمن قەسرەیی



## ئاســـۆیی:

١_ڕاهێنەرێکی هۆڵەندییە
٢_خاوەنی وێنەی ژمارە(٣) (پ) + وەکو یەکە
٣_هونەرمەندێکی کوردە خاوەنی گۆرانی (دڵم تەنگە)
٤_باس (ت) + زام (ت)
٥_بورجێکە _ شەرت
٦_یاریزانێکی پورتوگالیە(پ) + ئەویندارى شەم
٧_کۆتر (ت) _ چوار پیت لە (کالیفۆرنیا)
٨_پێچەوانەی بزر (پ) + کۆلێژێکە
٩_دوو پیت لە (باوك) + پێغەمبەرێکە
١٠_خۆر + خۆشەویست
١١_ڕێکخراوێکە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە
١٢_ناوێکە



## ســـتوونی:

١_باڵندەیەکە
٢_کاکا (ت)
٣_ڕێوی (ت)
٤_ناوی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(٢) + خاوەنی وێنەی ژمارە (١)
٥_چوار پیتی یەکەمی (باتیستوتا) (پ)_ بۆچی+نیوەی (وەرە)
٦_وەرز_چوار پیت لە ڕۆژین
٧_یاریزانێکی ئینتەر میلانە(پ) + چوار پیت لە (میس یو)
٨_پایتەختی سعوودیە_ڕاهێنەرێکی بەناوبانگی ئیتاڵی بوو
٩_ناوی ئەو یانەیەی خاوەنی وێنەی ژمارە (٥) یاری بۆ دەکات+پێچەوانەی تاریك
١٠_وەکو یەکە + وەکو یەکە
١١_چوار پیت لە سکۆلاری
١٢_نازناوی خاوەنی وێنەی ژمارە(٤)

## بۆ زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی ماڵی شیردەرە)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئامرازێکی پرسە بۆ ڕووداوی شتێك)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە کۆکراوەی دوو جاری ١٥)
- پیتی خانەکانی (٤+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە لە دوای ژمارە ٢ دێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( **رامبۆ** ) بوو




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ماوەیە لە زۆربەی هەنگاوەکاندا کە پێی هەڵدەستیت سەرکەوتوو دەبیت لە ماڵەوە یان لە شوێنی کارکردن یان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دا. سوود لەم کاتە وەربگرە بۆ جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی گرنگ.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ژیانی کۆمەڵایەتیت چەند کێشەیەکی بەخۆیەوە بینی ئەمەش وای لێت کرد هەست بە نائومێدییەکی زۆر بکەی، چاوەڕوانی چەند هەواڵێکی گرنگ و خۆش بە کە وادەکەن ڕۆژە ناخۆشەکانت لەبیر بچنەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

تووشی هەندێك گرفت دێیت ئەویش بەهۆی پەیڕەو نەکردنی سیستەمێکی گونجاو و بەردەوام لەدابەشکردنی کاتدا، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە لەژیانت ڕووبدات و زیانی هەیە ئەگەر زوو خاڵە لاوازەکان چارەسەر نەکەیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەم هەفتەیە حەزناکەی هیچ کارێك بەتەنها ئەنجام بدەی و هەست بە ئاسوودەیی دەکەی کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانت بەیەکەوە کارەکان ئەنجام دەدەن، دەرفەتێکی زۆر گرنگ لەڕێگادایە کە دووبارە نابێتەوە و سوودمەندە بۆ باشتر بوونی باری داراییت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەوەی دەتەوێ لەداهاتوودا بەدەستی بێنیت دەبێت ئێستا هەوڵی بۆ بدەی ئەگەرنا پەشیمان دەبیتەوە، ئەم کاتەی ئێستا زۆر گونجاوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانت و کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووی ژیانت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئاگاداری چۆنیەتی بڕیاردان ببە و هەمیشە سنووری خۆت لەبەر چاو بێت،دەست لەکاروباری خەڵك وەرمەدە و ڕێگا مەدە ئەوانیش وردەکاری ژیانی تۆ بزانن، کاتە بە خێرایی تێدەپەڕێت و تۆش هەر لەچاوەڕوانی بەڵێنی هاوڕێکەتی، لەماوەیەکی نزیکدا بەڵێنەکەی بەجێدەگەیینێت.

hemntoni@yahoo.com